

# کاك نەوشیرەوان لە نێوان بەزەیی وهەڵویستدا!

## جەزا چنگیانی

***هیچ کەسێك ناتوانی لەجیاتی کەسێکی تر میژووی بنوسێتەوە. هەمووکەسێك نووسەری میژووی خۆی و بەرپرسیاری کردارەکانی خۆیەتی.***

**یەکێك لە فاکتەرە سەرەکێکانی شکستی سیاسی هەر نەتەوە و کۆمەڵە مرۆڤێك نەبونی سەرکردەی لێهاتوو و جەربەزە و هوشیارە..پیچەوانەکەشی پێچەوانەیە. دوای مەسعود و جەلال.نەوشیرەوان مستەفا...بەتایبەتی لە دوای تیرۆرکردنی کاك ئارامەوە بە سێهەم کەسایەتی سیاسی کوردی دادەنرێ.چۆن هەریەکێك لە مەسعود و جەلال لێپسراویتیان لەسەرشانە نەوشیرەوانیش هەروەها.**

**وەرگرتنی ئەم پلە وپۆستە سیاسیە و دەرکەوتنی کەسایەتی سیاسی کاك نەوشیرەوان دەگەڕێتەوەبۆ قورسای و ئیستراتجیتی کۆمەڵە و کاریگەری لەسەر دۆز و ئاوزانی سیاسی مرۆڤی کوردی دوای هەرەسی1975 و تیرۆرکردنی کاك ئارامەوە . یانی کاك نەوشیرەوان بێ کۆمەڵە هیچ کاتێك نەدەبوو بە کەسایەتیەکی دیاری گۆڕەپانی سیاسی.بێگومان لەپاڵ خەبات و بڕوای خۆی بە ڕیبازی ڕێکخراوەکەی .**

**ئەمە تایبەت نەبوو بە کاك نەوشیرەوان بەڵکوهەریەکێك لەسەرکردە گەنجانەکانی کۆمەڵەشانسی میژوویان لەبەرمدابوو کە بتوانن ببنەپاڵەوانێك بۆ گۆڕینی ڕەوتی سیاسی و دروستکردنی ئەڵتەرناتیفیکی هوشیاری هزری سیاسی دژی باڵی پڕێمتیفی(جەلالی و مەلالی)وەلێ وانەبوو .**

**ئەگەر فاکتەری(ئاشبەتاڵی1975) پەیوەندی بە بەرژەوەندیە نیودەوڵەتی وڕۆڵی پترۆڵ ولاوازی ئاوزانی سیاسی مەلا مستەفاوە ببووی .ئەوە هەرەسی هزری گەنج و نۆی کوردی کە(کۆمەڵە)بوو فاکتەرەکەی ڕەدووکەوتنی سەرانی کۆمەڵەبوو بە دوای جەلالیدا. لەڕاستیشدائەم ڕەدووکەوتنە دژی سترۆکتوری خودی کۆمەڵە بوو.چونکە دروستبوونی کۆمەڵە لەسەرئاستی ئەڵتەرناتیفیك بوو بۆ جەلالی و مەلای .کەواتە دەتوانین ئەو ڕەدووکەوتنەی کۆمەڵە بە هەرەسێکی ناشیرنتر لە هەرەسەکەی**

(مەلامستەفا)لە میژوودا بنوسینەوە.ئەگەر مەلا مستەفا هەڵەیکی زەقی سیاسی کردو جڵەوی هەراکەی دایەدەست کۆمەڵی جەنەڕاڵی سوپای ئیرانی تاڕادەیەك جێگەی سەرسوڕمان و پرسیار نیە چونکە مەلامستەفا هوشیاری سیاسی لە ئاستی(نوولدا–صفر)دا بوو.وەلێ خاوەنی کەسایەتێەکی کۆمەلآیەتی بەرز بوو.بۆیە توانی بۆشاییەکی سیاسی پڕبکاتەوە کە دەبوایە ڕۆشنبیرانی ئەوسەردەمەی دوای هەرەسی حزبی هیوا و شکستی بزوتنەوی شیخی نەمرپڕیان بکردایەتەوە نەك مەلامستەفا.ئەنجامی هەرەسەکەی مەلا مستەفا پارتی هەناسەی تیدامایەوە.وەلێ هەرەسی(کۆمەڵە)زۆرخراپتر کەوتەوە بەوەی کۆمەڵە بەشێوەیەك ناشیرن ولاواز وبێ ڕۆڵ بووە کە هەرزەکارێکی بێ ئەزمونی وەك(باڤیل)دەتوانی تف لە سکرتێری کۆمەڵە بکات.کوام کادیری پێشکەوتوو و پێشمەرگەی دیرینی قارەمانی کۆمەڵەش هەیە لە ئاست هەرەشەیەکی جەلال و تف و چەمۆڵەی هیرۆ وشەق وزللەی باڤیل و قوبادا(زەلیل و داماو)نین ؟.

ئەم ڕۆڵبەخشینەبە( باڤیل و هیرۆ) وسوکایەتیە بە کادیرانی کۆمەڵە. تاوانی جەلالی دیکتاتۆر نیە.تاوانی کادیرانی کۆمەڵەیەوبەتایبەتی سکرتیرە بێدەنگ وبێڕۆڵ وزەلیل وداماوەکەی کە ناوی (کاك نەوشیرەوانە).

هەرەس وداتەپینی کۆمەڵە یانی هەرەس وداتەپینی هزری سیاسی نەوەیەکی نۆی کوردی.یانی بەفیڕۆدانی خەباتی زەمەنێك کە سەدەها کادیر و پێشمەرگە بوونە قوربانی..بەهوی لاوازی و ناشۆڕشگێری وهیچ لەبارەنەبوونی کادیرە فشەکەرەکانی سەرکردایەتی کۆمەڵەی ئامیزی جەلالی یەوە.کۆمەڵە بووبە بڵقی کەفی ڕووبارێکی میژوویەکی بێسەرشۆێن.

سیاسەت تەنیا قسەی زل وهاتووهاوار وبەزەیی نیە . بەڵکو سیاسەت(مەزەنە و توژینەوەیە بۆ داهاتوو ئەڵتەرناتیفی بارودۆخی چەوت بە باشە(ستۆرکتۆری سیاسەت یانی هەموو سبەینێەك لەمرۆ باشتر بێت)سیاسەت هەڵویستە نەك بەزەیی وخۆتوراندن )مادامیکی سیاسەت لەئاست بەرژەوەندی کۆدایە کەواتەنابێت پەیوەندی تایبەتی تیدا زالْ بێ )

## دوا هەناسە وشانسی کۆمەڵە :

هەرکەسێك بڕوای بە هەڵبژاردن هەبێ.ئەبێ ئەنجامەکەشی پەسەند بکات.وا ماوەیەك بەسەرهەڵبژاردندا تێپەڕی ویەکیتی بەفرمی ئەنجامەکەی ئاشکرانەکردوە.ئەنجامەکەی کاك نەوشیرەوانی لەماڵەوە هیشتەوە جەلالیش وەك بەزیی پیاهاتنەوە سەردانی مالەوەی کرد.ئەگەر نەوشیرەوان پەسەندی نەکات و بچیتەوە ئامیزی جارانی جەلالەوە . ئەوە گەورەترین تاوان لەئاوزانی سیاسی وهوشیاری و کەسایەتی خۆی دەکات.دۆڕاندن شوورەی و شەرم نیە .لەکاری سیاسیدا زۆر ئاساییە.سەرکەوتنی کاك نەوشیرەوان لەوەدایە وەك بەرەیەکی نۆی و دەنگێکی ڕیفۆرمخواز وبەشیوەی ئۆپۆزسوین ئەنجامەکە ئاشکرابکات .سەرکەوتنی نەوشیرەوان لە قاشکردنی یەکیتی و دروستکردنی سیستەمێکی نۆیە بۆ کارکردن لە نێو یەکیتی وقاشبوونی یەکیتی ودروستکردنی

ڕیکخراویکی نۆی .یانی دروستکردنی قوتابخانەیەك بۆ كۆمەڵە قوتابیەکی سیاسی نۆی کە بتوانی پرسیار لە دەسەڵاتی ڕەهای جەلال بکات . پیچەوانەکەشی و گەڕانەوەی بۆ ئامیزی دکتاتۆر یانی مردنێکی لەسەرخۆی پڕبەزییە

***ئیستا کاك نەوشیرەوان بەرامبەر ئەرکێکی گەلێك گرنگی میژووی وەستاوە . ژیری یا نا ژیر؟؟زرنگی یا نازرنگ ؟؟جەزرەبەی یان خاوخالیچك؟؟مرۆڤی یان ڕۆبۆتە ؟؟کوردی یان عیراقی؟سیاسی یان دەرویشی؟ئەمانە کۆمەڵە پرسیارێکن تەنیا خۆی بە زرنگی وەڵامی دەداتەوە.***

لەکاتی قاشبوونیشدا دەبێ باڵی کاك نەوشیرەوان بەرنامەی کاری سیاسیان بگۆڕن و واز لە ئاوزانی شاخ وپشتئاشان بهێنن ؟.

تۆراندن :ئەمە یەکەمجار نیە کاك نەوشیرەوان خۆی دەتۆرێنێ لەکونجی ماڵەوە ماندەگرێت .ئەمە هەڵویستی سیاسی نیە.ئەگەر دوای نووسینی نامەکەی پیش نزیکە دووساڵ کەتیدا ئاماژەی بە پیلیشکردنی دیموکراسی لە ناو یەکتیدا کربوو. لەوساتەدا جیاببایەتەوە ڕێکخراویکی دروستبکردایە ئیستا توشی ئەم دۆراندنە نەدەبوو..بە دڵنیایەوە بارو دۆخی سیاسی و گەندەڵیش بەم شێوەییەی ئیستا بۆگەن نەدەبوو.

## سەرکردەکانی کورد گۆیناگرن:

کاتێك ئەمەریکا و کوبا لە ساڵانی شەستدا لەسەر موشەکەکان کەوتنە گرفتێکی گەورەوە..سەرۆکی ئەمەریکی ئەوکاتە(جۆن کندی)بۆ چارەسەری گرفتەکە داوای یارمەتی لە ڕۆژنامەنووسی فرنسی(جان دانیل)کرد هەردوکیان گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کەهەوڵبدەن چارەسەری کێشەکە بە دیالۆگ بێ نەك بەچەك. بۆیە ئەو ڕۆژنامەنووسە بوو بە پردی گفتوگۆی نێوان( کاسترۆ و کندی).. لەساڵانی 97 کاك نەوشیرەوان لە جەلال تۆرابوو لە لندن دەژیا لەسەردانیکمدا بۆ لندن لەگەل مامۆستا و براو هاوڕیی هیژام دکتور کمال میراودەلی سەردانیمان کرد؟کاك نەوشیرەوان زۆربەڕێزەوە میوانداری لیێکردین.

پاش کەمێك گفتگۆیەکی زۆر چڕو پڕ لە نیوانماندا دروست بوو.هەوڵی من قسەکردن و بیرکردنەوە بوو بۆ دروستکردنی ڕیکخراویکی نۆی لە ناو یەکیتیدا بەسەرۆکایەتی کاك نەوشیرەوان .کۆتای قسەکانم بەوەهانی .ئەگەر بەدیدیك وبەرنامەیەکی نۆیوە کاك نەشیروان لە جەلال جیانەببیتەوە ئایندەی سیاسیت لە بڤەدایە جەلال زۆر بچوکتدەکاتەوە...زۆربە ڕاشکاوی کاك نەوشیرەوان :

ووتی: من هیچ کاتی ناتوانم بەرامبەر مام جەلال کاریکی وابکەم.

منیش ووتم: هەموو دیکتاتۆرەکانی ئەم دونیاییە ڕۆحیان پیسە ڕێز لە هیچ پەیوەندیەك ناگرن. بەرژەوەندی خۆیان نەبێت.دوای ئەم قسانە زۆربەڕێزەوە ماڵئاویمان کرد.وا 9 ساڵ تیپەری

**بۆچونەکەی من هاتە دی...ئەوهەمووسوکایەتیە لە هەڵبژاردناکاندا بەکۆمەڵەونەوشیرەوان کرا ڕۆحی پیسی دکتاتۆریتی جەلالی نیشاندا.**



**هیوادارم کاك نەوشیروان ڕێکخراویکی نۆی دروستبکات بۆ ئەوەی گەلی باشوری کوردستان لە زەلکاوی جەلالی پاکبکاتەوە .خۆشی بەزەلیلی ژیان گوزەرپێنەکات .**

**سان پیترسبۆرگ** 2006/10/31

jazachingiani@hotmail.com

www.chingiani.de